# خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوانەی لە پێناو شکۆداری من یەکتریان خۆشدەوێت، چەند مینبەرێکیان هەیە لە نور ورۆشنایی، وپێغەمبەران وشەهیدان هیوا (بە پلەوپایەی ئەوان) دەخوازن

لە موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرموێت: «ئەوانەی لە پێناو شکۆداری من یەکتریان خۆشدەوێت (لە پێناو خوا یەکتریان خۆشدەوێت)، چەند مینبەرێکیان هەیە لە نور ورۆشنایی، وپێغەمبەران وشەهیدان هیوا (بە پلەوپایەی ئەوان) دەخوازن».

[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کۆمەڵێک لە باوەڕداران لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر مینبەر وشوێنی بەرز دادەنیشن ئەمیش وەکو ڕێزگرتنێک بۆ ئەوان لە لایەن خوای گەورە، چونکە ئەوان لە پێناوی خوای گەورە یەکتریان خۆش ویستووە -سبحانە وتعالی-؛ ویەکتریان خۆش ویست بەهۆی ئەو ئیمانەی کە بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە، وتەنانەت پێغەمبەران وشەهیدان هیوا بە شوێنی ئەوان دەخوازن؛ بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوان لە پێغەمبەران باشترن، چونکە فەزڵ وبەخشینی تایبەت لە سەرەوەی فەزڵ وبەخشینی گشتی نییە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee